

# تۆ دووگیانی!

## سکان و پشکنین

ئەو شتانەی کە پێویستە بزانیت

Kurdish Sorani Version:
You're Pregnant!

پشکنینەکانی سکرینکردنی دووگیانی

NHS SCOTLAND

Public Health Scotland

# ئەم نامیلکەیە باس لە پشکنینی خوێن و پشکنینەکانی سکرینکردن و پشکنینەکانی دەستنیشانکردن دەکات کە دەتوانیت لە کاتی دووگیانیدا ئەنجامی بدەیت.

سکرینکردنی دووگیانی پێکدێت لە پشکنین-گەلی سادە کە یارمەتیت دەدات بزانیت تۆ یان کۆرپەکەت ئەگەری تووشبوونتان بە کێشەیەکی تەندروستی یان نەخۆشی کرۆمۆسۆمی چەندە.

ئەگەر تۆ بە ئینگلیزی قسە نەکەیت یان تێنەگەیت، NHS کەسێک دابین دەکات کە بتوانێت ئەوەی دەوترێت وەربگێڕێ بۆ زمانی خۆت. ئەگەر هەست دەکەیت پێویستت بە وەرگێڕ هەیە، پسپۆڕی چاوەدێری تەندروستی خۆت ئاگادار بکەرەوە.

لە پشکنینەکانی سکرینکردندا کە لەم نامیلکەیەدا باسیان دەکەین، ئەم بابەتانەی خوارەوە بەکاردەهێنرێن:

- پشکنینی خوێن
- سکانی ئۆڵتراساوند.

پشکنینی سکرینکردن بۆ پشکنینی هەندێک کێشەی تەندروستی و بارودۆخی کرۆمۆسۆمەکان دەنووسرێت. زۆربەی پشکنینەکانی سکرینکردن دەریدەخەن کە کۆرپەکەت تەندروستە. ئەگەر پشکنینەکانی سکرینکردن دەریانخست کە ڕەنگە تۆ یان کۆرپەکەت کێشەیەکی تەندروستییان هەبێت، ئەوا پشکنینی دەستنیشانکردنت بۆ دەنووسرێت بۆ ئەوەی وەڵامێکی یەکلاکەرەوە بەدەستبهێنیت. ناچار نیت ئەم پشکنینانە بکەیت، ئەوە پەیوەستە بە خۆتەوە.

**پشکنینەکانی دەستنیشانکردن** کە ئێمە دەیکەین بریتین لە:

- نموونەگرتن لە شانەکانی کۆرپەلە (CVS)
- ئامنیۆسێنتێزی.




دەتوانیت زانیاری زیاتر دەربارەی دووگیانیەکەت لە کتێبی Ready Steady Baby یان بە شێوەی ئۆنلاین لە **www.nhsinform.scot/ready-steady-baby** بدۆزیتەوە.

لە کاتی دووگیانیدا کوتانی بێبەرامبەرت پێشکەش دەکرێت بۆ پاراستنی خۆت و کۆرپەکەت لە کۆکە ڕەشە و ئەنفلۆنزا. بۆ زانیاری سەبارەت بەو کوتانانەی کە لە کاتی دووگیانیدا پێشکەش دەکرێن، سەیری **www.nhsinform.scot/vaccinesinpregnancy** بکە.

# سودەکانی سکرینکردن

زووتر چارەسەر وەربگرە و بەزۆری بە شێوەیەکی کاریگەرتر.

چارەسەری پێشوەختە دەتوانێت تەندروستی تۆ و کۆرپەکەت باشتر بکات.

ئەنجامەکان دەتوانن یارمەتیت بدەن بڕیار بدەیت سەبارەت بە دووگیانیەکەت.

یارمەتیت دەدات بۆ ئامادەکاری بۆ لەدایکبوونی کۆرپەکەت کە ڕەنگە پێویستی بە چاودێری و پشتیوانی زیاتر بێت.

مامان ڕێنماییت دەکات لە هەموو ئەو پشکنین و سکانانەی کە لە کاتی دووگیانیدا پێشکەش دەکرێن.

# له تێڕوانینێكدا

| | | |
|---|---|---|
| پێش<br>تەمەنی 10<br>هەفتەیە | سكرینكردنی خانەی داسی و تالاسیمیا* | لاپەڕە<br>8 |
| لە نێوان<br>8 و 12<br>هەفتە یی | پشكنینی خوێن بۆ زانینی ژمارەی تەواوی خوێن و گرۆپی خوێن و دۆخی ڕیسوس | لاپەڕە<br>7 |
| | پشكنینی خوێن بۆ ئاوسانی جگەری جۆری B، سفلیس و HIV* | لاپەڕە<br>16 |
| لە نێوان<br>11 و 14<br>هەفتەیی | پشكنینی سەرەتایی خوێن بۆ نەخۆشی داون، نەخۆشی ئێدواردز و نەخۆشی پاتۆ | لاپەڕە<br>32 |
| لە نێوان<br>11 و 14<br>هەفتەیی | سۆنەری NT (سكانی نیمچە ڕووناكی) بۆ نەخۆشی داون، نەخۆشی ئێدواردز و نەخۆشی پاتۆ | لاپەڕە<br>33 |
| لە نێوان<br>18 و 21<br>هەفتەیی | سكرینكردنی سۆنەری ناوەڕاستی دووگیانی | لاپەڕە<br>20 |

* ئەگەر ئەم پشكنینانە لە قۆناغە سەرەتاییەكانی دووگیانیدا ئەنجامدرا باشترە، بەڵام دیسانەوە دەتوانرێت لە هەر كاتێكدا ئەنجام بدرێت، تا كاتی منداڵبوون و تەنانەت لە كاتی منداڵبووندا.

سكرینكردن پشكنینی خوێن لەخۆدەگرێت

سكرینكردن بریتییە لە سكانی سۆنەر

# ناوەڕۆکەکان


ئەوە دووگیانی تۆیە، بڕیار بە دەستی خۆتە 4

سکرینکردن بە بەکارهێنانی پشکنینی خوێن 6

سکرینکردنی خانەی داسی و تالاسیمیا 8

پشکنینی نەخۆشییە درمیەکان 16

سکرینکردن بە بەکارهێنانی سکانی ئۆڵترِاساوند 19

سکرینکردنی نەخۆشی داون، نەخۆشی ئێدواردز و نەخۆشی پاتۆ 24

پشکنینی ناداگیرکەری پێش لەدایکبوون (NIPT) 36

پشکنینەکانی دەستنیشانکردن 39

ئێمە چی لە زانیاریەکانتان دەکەین؟ 43

زانیاری و پشتگیری 44




پێویستە لەگەڵ مامانەکەت باسی هەموو پشکنینەکانی سکرینکردن بکەیت.

# تۆ دووگیانی،

## ئەوە تۆی کە بڕیار دەدەی ئایا پشکنینی سکرینکردن و دەستنیشانکردن بکەن یان نا. پێویستە گفتوگۆیەکی ورد لەگەڵ پسپۆڕی چاودێری تەندروستی بکەیت، کە پشکنینەکە و ئەنجامەکانی بۆت ڕوون دەکاتەوە.

دەتوانیت لە هەر کاتێکدا بڕیار بدەیت کە پشکنین ئەنجام نەدەیت یان تەنها هەندێک لە پشکنینەکان ئەنجام بدەیت. هەرگیز کەس پشکنینێکت بۆ ئەنجام نادات بەبێ ئەوەی دڵنیا نەبیت لەوەی کە تۆ دەزانیت ئەم تاقیکردنەوە بۆ چییە و چۆن ئەنجام دەدرێت و ئامادەیت بۆ ئەنجامدانی.



**بە درێژایی ئەم نامیلکەیە باس لە 'پسپۆڕی تەندروستی تۆ' دەکەین. ئەم کەسە دەتوانێت مامان بێت، پزیشکی گشتی تۆ، پزیشکی پسپۆڕ (پزیشکی ئافرەتان)، پزیشکی سۆنۆگرافەر یان هەر پزیشکێکی پسپۆڕی تر کە بەشدارە لە چاودێریکردنتدا لە کاتی دووگیانیتدا.**

# بڕیارەکە بە دەستی تۆیە

کەسەکان بڕیاری جیاواز دەدەن سەبارەت بە سکرینکردن و پشکنینی دەستنیشانکردن. لەوانەیە بڕیار بدەن کە:

- **سکرین نەکرێن**، چونکە نایانەوێت لە کاتی دووگیانیدا بزانن کە ئایا خۆیان یان منداڵەکەیان کێشەی تەندروستی یان کرۆمۆسۆمیان هەیە یان نا
- **سکرین بکرێت و پشکنینی دەستنیشانکردنیان بۆ بکرێت**، چونکە دەیانەوێت لە کاتی دووگیانیدا بزانن کە ئایا ئەوان یان منداڵەکەیان کێشەی تەندروستی یان کرۆمۆسۆمیان هەیە.

بڕیاردان لەسەر وەرگرتنی پشکنینی سکرینکردن یان پشکنینی دەستنیشانکردن دەتوانێت قورس بێت. لەوانەیە بتەوێت لەگەڵ هاوبەشی ژیانت، خێزانەکەت یان هاوڕێکانت قسە بکەیت. پسپۆڕی تەندروستی تۆ و ئەو ڕێکخراوانەی لە پشتەوەی ئەم نامیلکەیەدا ئاماژەیان پێکراوە دەتوانن یارمەتیدەر بن. بەڵام بڕیاری کۆتایی هی تۆیە.

هەر بڕیارێک بدەیت، دەتوانیت لەگەڵ مامانەکەت ڕێکبکەویت لەسەر پلانێکی دووگیانی کە بۆ تۆ گونجاوە.

## ڕاستیەکان

**هەموو پشکنینیەکانی سکرینکردن و دەستنیشانکردن لەم نامیلکەیەدا لەلایەن NHS لە سکۆتلەندا بەبێ بەرامبەر دابین دەکرێن. چاودێری تەندروستی لەلایەن NHS بەخۆڕایی بۆ ئەو منداڵانەی لە سکۆتلەندا لەدایک دەبن و کێشەی تەندروستی، بارودۆخی کرۆمۆسۆم یان کەمئەندامییان هەیە دابین دەکرێت.**

# بە بەکارهێنانی پشکنینی خوێن



## لە تێروانینێکدا...

- پشکنینی خوێن بەشێکی گرنگە لە چاودێریکردنت لە کاتی دووگیانیدا.
- ئەم پشکنینانە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە پاراستنی تەندروستی تۆ و کۆرپەکەت.
- خوێنی پێویست بۆ ئەم پشکنینانە بەزۆری دەتوانرێت لە یەک کاتدا وەربگیرێت.
- مامانەکەت لە یەکێک لە یەکەم سەردانەکانتدا خوێن لە قۆڵت وەردەگرێت، لە سەردانی داهاتوودا بۆ کلینیکەکە ئەنجامەکانت وەردەگریت.
- ڕەنگە هەندێک لە پشکنینەکان بە شێوەیەکی ڕۆتینی دووبارە بکرێنەوە لە کۆتایی دووگیانیدا. ئەمە لەگەڵ ئێوە باس دەکرێت.

## چ تاقیکردنەوەیەک دەکەم؟

### ژماردنی تەواوی خوێن

ئەم پشکنینە خڕۆکە سوورەکانی خوێن و خڕۆکە سپییەکانی خوێن و پلاکتەکانت دەپشکنێت. ئەم پشکنینە دەریدەخات کە ئایا کەمخوێنیت هەیە یان نا، ئەمەش کێشەیەکە کە تیایدا خڕۆکە سورەکانی خوێنی تەندروست بەشی پێویستت نییە بۆ ئەوەی ئۆکسجین بگەیەنێتە جەستەت. ئەم کێشەیە دەتوانرێت بە حەبی ئاسن و چارەسەری تر چارەسەر بکرێت بۆ پاڵپشتی تەندروستی خۆت و کۆرپەکەت.

### گرووپی خوێن و دۆخی Rhesus

ئەم پشکنینە نیشانت دەدات کە تۆ چ جۆرە خوێنێکت هەیە. مرۆڤەکان سەر بە یەکێک لە چوار گرووپی خوێنن بە ناوەکانی O، B، A و AB. گرنگە گرووپی خوێنەکەت:

- گەر پێویست بوو ناوەندی گواستنەوەی خوێنی لێ ئاگادار بکەیت
- چونکە هەندێک جار مادەکانی خوێن کە پێیان دەوترێت دژەتەنی گرووپی خوێن دەتوانێت کاریگەری لەسەر کۆرپەکەت هەبێت. ئەگەر ئەم دژەتەنانە دۆزرایەوە، پسپۆڕی چاودێری تەندروستیت لەگەڵتدا باسی ئەم بابەتە دەکات.

هەروەها ئەم پشکنینە دەریدەخات کە ئایا تۆ ڕیسوس پۆزەتیڤیت یان ڕیسوس نێگەتیڤ. ئەگەر Rh پۆزەتیڤ بوویت، پێویستت بە چارەسەر نییە. لە هەر شەش ژن یەکێکیان Rh نێگەتیڤە. ئەمەش واتە ماددەیەکیان نییە بە ناوی Rh antigen لەسەر خانەکانی خوێنیان.

ئەگەر تۆ Rh نێگەتیڤ بیت، کێشە دروست دەبێت ئەگەر کۆرپەکەت Rh پۆزەتیڤ بێت و خوێنەکەی بچێتە ناو خوێنەکەتەوە. ئەمەش بەدوور نازانرێت لە یەکەم دووگیانیدا کێشە بێت، بەڵام دەتوانێت لە دووگیانی دواتردا جددی بێت. پسپۆڕی چاودێری تەندروستی دەرزییەکت پێدەدات بیدەی لە قۆڵت – دەرزی دژە D - کە پارمەتیدەر دەبێت بۆ پاراستنی تەندروستی و هەر کۆرپەیەکی داهاتوو کە لەوانەیە هەتبێت.

دەتوانیت لە مامانەکەت بپرسیت چۆن دەتوانیت گرووپی خوێنەکەت بزانیت، و چۆن و کەی ئەنجامەکانت وەردەگریت. ئەگەر هەر کێشەیەکی تەندروستی بەدیکرا، پزیشکی پسپۆڕی تەندروستیت بە زووترین کات پەیوەندیت پێوە دەکات و ئامۆژگاری و چارەسەرت بۆ دابین دەکات.

# پەیوەندی بە خانەی داسی و تالاسیمیا هەیە




## لە تێڕوانینێکدا...

- خانەی داسی و تالاسیمیا تێکچوونی جددی خوێنن کە کاریگەرییان لەسەر هیمۆگلۆبین هەیە.
- هیمۆگلۆبین لە خڕۆکە سوورەکانی خوێندایە و ئۆکسجین دەگوازێتەوە بۆ هەموو جەستە.
- ئەو کەسانەی کە ئەم کێشانەیان هەیە پێویستیان بە چاودێری تایبەتمەند هەیە بە درێژایی ژیانیان.
- هەروەها لەوانەیە پشکنین بۆ باوکی کۆرپەکەت بنووسرێت. ئەمەش وا دەکات ئەنجامەکان وردتر بن.

## ئەو کەسانەی کە نەخۆشی خانەی داسییان هەیە:

- دەتوانن توشی هێرشی ئازاری زۆر توند ببن
- لەوانەیە توشی هەوکردنی جدی و مەترسیدار ببن
- بەزۆری کەمخوێنین (واتە خوێنیان باش نییە لە هەڵگرتنی ئۆکسجین)
- ڕەنگە بە درێژایی ژیانیان پێویستیان بە دەرمان و دەرزی هەبێت بۆ ئەوەی تووشی نەخۆشی نەبن.

## ئەو کەسانەی کە تووشی تالاسیمیا بوون:

- لەوانەیە کەمخوێنییەکی توندیان هەبێت
- لەوانەیە هەر چوار بۆ شەش هەفتە جارێک پێویستیان بە گواستنەوەی خوێن هەبێت
- لەوانەیە بە درێژایی ژیانیان پێویستیان بە دەرزی و دەرمان هەبێت.

پشکنینی سکرینکردنی خانەی داسی و تالاسیمیا لە یەکەم سەردانی مامانەکەتدا یان دوای ماوەیەکی کەم بۆت دەنووسرێت. پێویستە زوو بڕیار بدەیت کە ئایا دەتەوێت ئەم پشکنینانە بکەیت یان نا، چونکە پێویستە بە زووترین کات لە کاتی دووگیانیدا ئەنجام بدرێت. کاتێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پێش 10 هەفتەیە – هەرچەندە ئەنجامدانیان دواتر دەتوانێت یارمەتیدەر بێت.

## هۆکاری ئەم کێشانە چییە؟

خانەی داسی و تالاسیمیا لە دایک و باوکەوە بۆ منداڵان لە ڕێگەی **جینە گۆڕاوەکانیی هیمۆگلۆبینەوە دەگوازرێنەوە.**

### جین چییە

جینەکان تایبەتمەندیەکانت دیاری دەکەن، لە ڕەنگی قژتەوە تا جۆری خوێن. بۆ هەموو تایبەتمەندییەکانمان لە هەر کام لە دایک و باوک جینێک وەردەگرین.

مرۆڤەکان تەنها لەو کاتەدا تووشی ئەم تێکچوونانە دەبن کە **دوو** جینی هیمۆگلۆبینی گۆڕاو بە میرات بگرن – یەکێکیان لە دایکیانەوە و یەکێکیان لە باوکیانەوە. ئەو کەسانەی کە تەنها یەک جینی گۆڕاو وەردەگرن و هیچ کام لەم نەخۆشیانەیان نییە بە **هەڵگر** ناسراون.

## کێ...؟

## هەڵگرن

هەڵگران نەخۆشی خانەی داسی یان تالاسیمیایان نییە. بەڵام ئەگەر هەڵگرێک منداڵێکی لەگەڵ کەسێکی تردا هەبێت کە هەڵگر بێت یان نەخۆشی خانەی داسی یان تالاسیمیا هەبێت، ئەوا ئەگەری ئەوە زیاترە کە منداڵەکە تووشی یەکێک لەم کێشانە بێت یان هەڵگر بێت.

هەر کەسێک دەکرێ هەڵگر بێت. بەڵام ئەگەر باوباپیرانت (دایک و باوکت و باپیرانت/داپیرانت و باپیرە گەورەکانت) لەو شوێنانە هاتبوون کە مەلاریا باو بووە، ئەوا ئەگەری ئەوە زیاترە کە تۆ هەڵگری جینە گۆڕاوەکان بێت. ئەم شوێنانە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرن:

- وڵاتێکی ئەفریقی
- باشووری ئاسیا (هیندستان، پاکستان یان وڵاتانی دراوسێ)
- کاریبی
- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
- باشووری ئەمریکا
- باشووری ئەورووپا
- ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (چین، هۆنگ کۆنگ، مالیزیا یان دراوسێکانیان).

هەروەها ڕەنگە خەڵکی پۆڵەندی تووشی ئەم نەخۆشییە بووبن، چونکە هەندێک لە خەڵکی پۆڵەندی چەندین نەوە لەمەوبەر لەو ناوچانە گواستراونەتەوە کە مەلاریایان تێدا باو بووە.

# ڕاستیەکان

هەرچەندە هەڵگرانی خانەی داسی تەندروستن، بەڵام لەوانەیە کێشەیان هەبێت کاتێک جەستەیان ئۆکسجینی پێویست وەرناگرێت (بۆ نموونە لەکاتی وەرگرتنی بێهۆشکردن). زانینی ئەوەی کە تۆ هەڵگریت دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ بەڕێوەبردنی ئەم بارودۆخانە.

ئەو کەسانەی کە هەڵگری تالاسیمیان تووشی ئەم کێشانە نابن.



## پرسیارنامەی بنەچەی خێزان

بۆ ئەوەی بزانیت کە ئایا تۆ یان باوکی کۆرپەکەت ئەگەری هەیە هەڵگری جینی کێشەکە بن، پسپۆڕی چاودێری تەندروستی تۆ پرسیارەکانی **پرسیارنامەی سەرچاوەی خێزان**ت لێدەکات.

ئامانج لێی ئەوەیە بزانیت خێزان و باوباپیرانت لە کوێوە هاتوون و ئایا ئەگەری هەڵگری جینەکەت زیاترە یان نا.

## چ تاقیکردنەوەیەک دەکەم؟

سکرینکردنی **خانەی داسی** و **تالاسیمیات** بەم شێوەیە ئەنجام دەدرێت:

- پشکنینی خوێن
- وەڵامی پرسیارەکانی پرسیارنامەی بنەچەی خێزان.

هەروەها ڕەنگە باوکی منداڵەکەت بانگهێشت بکرێت بۆ پشکنینی خوێن، چونکە پشکنینی هەردووکیان ئەنجامێکی وردتر دەدات. ئەگەر هەردوو دایک و باوکەکە دەرکەوت کە هەڵگرن یان لە ژێرکاریگەری یەکێک لە حاڵەتەکاندا بوون، **یان** ئەگەر پشکنین بۆ هەردووکیان نەتوانرێت، لەوانەیە پشکنینی دەستنیشانکردن ئەنجام بدرێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە ئایا منداڵەکەت یەکێک لەم حاڵەتانەی هەیە یان نا نەخۆشی هەبێت یان نەبێت، بۆت بنووسرێت.

## مامانەکە ئاگادار بکەرەوە کە...

تۆ و هاوبەشی ژیانت خزمی خوێنن. ئەگەر هەریەکەیان جینەکانتان لە خزمێکی هاوبەشەوە بۆمابێتەوە، ئەوا ئەگەری ئەوە زیاترە کە هەردووکتان هەڵگر بن.

## ئەم ئەنجامانە چ زانیارییەکم پێدەبەخشن؟

ئەگەری زۆرترین ئەنجام ئەوەیە کە تۆ و باوکی کۆرپەکەت هەڵگری خانەی داسی یان تالاسیمیا نین. ئەگەر یەکێک لە ئێوە هەڵگر بێت، پسپۆڕی چاوەدێری تەندروستیتان قسەتان لەگەڵ دەکات سەبارەت بەوەی کە ئەمە بۆ تۆ و کۆرپەکەت و خێزانەکەت چی دەگەیەنێت.

لە حاڵەتە دەگمەنەکاندا لەوانەیە ئەم پشکنینە دەریبخات کە یەکێک یان هەردووکتان تێکچوونی خوێنیان هەیە بەبێ ئەوەی بزانن. پسپۆڕی چاوەدێری تەندروستیت لەگەڵتدا باسی ئەم بابەتە دەکات و زانیاری زیاترت پێدەدات.

ئەم پشکنینە زۆر جێی متمانەیە، بەڵام ئەگەر ئەنجامەکەی ناروون بوو، لەوانەیە پشکنینی دیکەت بۆ بنووسرێت بۆ ئەوەی دڵنیا بیت.

پاشان ئەنجامی پشکنینەکان لە تۆ و باوکی کۆرپەکەتەوە بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا ئەگەری تووش بوونی منداڵەکەت بە یەکێک لەم کێشانە زیاتر دەبێت یان نا.

### ڕاستیەکان

ئەگەر نەتوانرا هەردووک بپشکنرێت، لەوانەیە پشکنینی دەستنیشانکردنت بۆ بنووسرێت بۆ ئەوەی پشتڕاستی بکەیتەوە کە ئایا منداڵەکەت یەکێک لەم حاڵەتانەی هەیە یان نا.

ئەگەر تۆ و باوکی منداڵەکەت هەردووکتان هەڵگری جینی خانەی داسی، تالاسیمیا، یان نەخۆشیەکانی تری خوێن بن، بەزۆری ئەمانەی خوارەوە جێبەجێ دەکرێن: پشکنینیک:

25% (1 لە 4) ئەگەری ئەوە هەیە کە منداڵەکەت **تێکچوونی هەبێت**

50% (2 لە 4) ئەگەری 50% (2 لە کۆی 4) هەیە کە منداڵەکەت **هەڵگر بێت**

25% (1 لە 4) ئەگەری ئەوە هەیە کە منداڵەکەت **ئەو نەخۆشییە** ی نەبێت

ئەگەری لە هەر دووگیانییەکدا وەک یەکە.



## تکایە لەم حاڵەتانەی خوارەوە زۆرترین زانیاری بدە بە ستافەکە...

تۆ دووگیانی یارمەتیدراو بوویت (بۆ نموونە – IVF پیتاندنی تاقیگەیی).
ئەمەش دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئەنجامی سکرینکردنەکەت هەبێت.
پسپۆڕی چاودێری تەندروستی ئەنجامەکانت ڕوون دەکاتەوە.

## ئایا دەتوانرێت پشکنینی کۆرپەی لەدایک نەبووم بکرێت؟

وەک هەموو پشکنینەکانی سکرینکردن، سکرینکردنی خانەی داسی و تالاسیمیا 100% ورد نییە. پشکنینی دەستنیشانکردن تاکە ڕێگایە بۆ ئەوەی بە دڵنیاییەوە بزانیت کە ئایا منداڵەکەت یەکێک لەم کێشانەی هەیە یان نا. سەیری لاپەڕەکانی 39–42 بکە.

پسپۆڕی چاودێری تەندروستی دەتوانێت یارمەتیت بدات لەوە تێبگەیت کە مانای چییە ئەگەر ئەنجامەکان دەریبخەن کە منداڵەکەت تێکچوونی خوێنی هەیە. ئەوان لەگەڵ تۆ باس لەو چاودێرییە دەکەن کە بەردەستە و ئایا تۆ دەتەوێت بەردەوام بیت لە دووگیانیەکەت.

ڕاوێژکاری بۆماوەیی پسپۆڕێکە کە بە شێوەیەکی تایبەت ڕاهێنراوە بۆ ئەوەی زانیاری و پشتگیریت پێبدات ئەگەر پرسیار یان نیگەرانیت هەبێت سەبارەت بە نەخۆشییەکی بۆماوەیی. مامانەکەت یان پزیشکی گشتی دەتوانێت ڕەوانەت بکات.

# پشکنینی منداڵانی تازە لەدایکبوو بۆ خانەی داسی

پشکنینی "پەڵەی خوێن" پێشنیار دەکرێت بۆ هەموو منداڵە تازە لەدایکبووەکان، باشترە کاتێک تەمەنیان 5 ڕۆژە. مامانەکەت پاژنەی کۆرپەکەت کون دەکات و چەند دڵۆپێک خوێن دەخاتە سەر کارتێک. کارتەکە دەنێردرێت بۆ تاقیگەیەک کە پشکنین بۆ نۆ نەخۆشی بۆ دەکرێت، لەوانە نەخۆشیی خانەی داسی. لە ماوەی 6–8 هەفتە یان پێش پشکنینی کۆرپەکەت ئەنجامەکانت پێدەگات.





## بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پشکنینی پەڵەی خوێن و پشکنینی تری سکرینکردنی تازەلەدایکبووان




بۆ نامیلکەی "منداڵەکەت! سەیری تاقیکردنەوە پێشکەشکراوەکان" بکە کە دواتر لە دووگیانیدا وەریدەگریت.




یان دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی زانیارییەکانی NHS بکەی لە **www.nhsinform.scot/newbornscreening**

# پەیوەندی بە نەخۆشییە درمەکانەوە هەیە



## لە تێروانینێکدا...

- چارەسەری سادە دەتوانێت ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درمیەکانی تۆ و کۆرپەکەت کەم بکاتەوە. پشکنینی خوێن بۆ ئاوسانی جگەری جۆری B، سفلیس، و ڤایرۆسی شکاندنی بەرگری مرۆڤ (HIV) دەنووسرێت.

- بەزۆری لە سەردانی داهاتووی کلینیکەکەتدا ئەنجامەکانت دەستدەکەوێت، بەڵام ئەگەر هەوکردنێک دۆزرایەوە زووتر پەیوەندیت پێوە دەکرێت.

- زانیاری زیاتر لەسەر چۆنیەتی گرتن، دەستنیشانکردن، چارەسەرکردن و ڕێگریکردن لە نەخۆشییە درمییەکان دەتوانرێت لە www.nhsinform.scot/psid بدۆزرێتەوە.

- لەبارەی ڤاکسینی کۆکە ڕەشە و ئەنفلۆنزا و covid-19 بێبەرانبەر لە مامانەکەت بپرسە.

# چ تاقیکردنەوەیەک دەکەم؟

## هەوکردنی جگەری جۆری B

هەوکردنی جگەری جۆری B بەهۆی ڤایرۆسێکەوە دروست دەبێت کە لە کاتی لەدایکبووندا لە دایکەوە بۆ کۆرپە بگوازرێتەوە. ڤایرۆسەکە دەتوانێت ببێتە هۆی نەخۆشییەکی مەترسیداری جگەر، بەڵام ئەو ژنانەی هەڵگری هەوکردنی جگەری جۆری Bن لەوانەیە هیچ نیشانەیەکیان نەبێت. بەبێ پشکنین، نازانن تووش بوون.

بەبێ کوتان، زۆرێک لەو کۆرپانەی لەدایک دەبن لە دایکان کە هەوکردنی جگەری جۆری Bیان هەیە، خۆشیان تووش دەبن.

ئەگەر پشکنینەکە دەریخست کە هەوکردنی جگەری جۆری B هەیە، ئەوا چارەسەری تایبەتمەند پێشکەش دەکرێت.

کۆرپەکەت لە کاتی لەدایکبوونیدا دەکوترێت دژی هەوکردنی جگەری جۆری B. ئەمەش بەزۆری ڕێگری دەکات لە تووشبوونیان بە هەوکردنی جگەری جۆری B و لە نەخۆشییە مەترسیدارەکانی جگەر دەیانپارێزێت.

## سفلیس

ئەگەر سفلیس بەبێ دەستنیشانکردن و چارەسەرنەکردن بمێنێتەوە، زیان بە تەندروستی تۆ و کۆرپەکەت دەگەیەنێت. دەتوانرێت بە خێرایی و بە ئاسانی بە دەرمانی ئانتی بایۆتیک چارەسەر بکرێت. لەوانەیە مرۆڤەکان تووشی سفلیس ببن بێ ئەوەی هەستی پێ بکات.

## ئایدز

HIV ئەو ڤایرۆسەیە کە دەبێتە هۆی ئایدز.
بە تێپەڕبوونی کات ڤایرۆسی ئایدز زیان بە سیستەمی بەرگری لەش دەگەیەنێت دژی هەوکردن و نەخۆشی. ئەو کەسانەی تووشی ئایدز بوون ناتوانرێت چارەسەر بکرێن، بەڵام بە دەرمان بەزۆری چاوەڕوان دەکرێت ژیانێکی تەواو و تەندروست بژین.







ئافرەتی تووشبوو بە HIV دەتوانێت هەوکردنەکە بگوازێتەوە بۆ منداڵەکەی لە کاتی دووگیانی و لەدایک بوون و لە ڕێگەی شیرپێدانەوە. وەکو ئاوسانی جگەری جۆری B و سفلیس، ئەو ژنانەی کە تووشی ڤایرۆسی HIV بوون لەوانەیە نەزانن تووشبوون تا پشکنینیان بۆ دەکرێت- ڕەنگە ساڵانێک بخایەنێت تا HIV کەسێک نەخۆش بخات.

ئەگەر پشکنینی سکرینکردنی دووگیانیت دەریخست کە لەوانەیە تووشی ئایدز بوویت، پشکنینی دیکەت بۆ دەنووسرێت بۆ ئەوەی دڵنیا بیت. دەرمانی دژە ڤایرۆسی بۆ دەنووسرێت بۆ ئەوەی تەندروست بمێنیتەوە و ئەگەری گواستنەوەی HIV بۆ کۆرپەکەت زۆر کەم بکاتەوە. پسپۆڕی چاودێری تەندروستی ڕێنماییت دەکات لەسەر سەلامەتترین ڕێگا بۆ منداڵبوون و خۆراکدانی منداڵەکەت. هەروەها باسی ئەو دەرمانانەت بۆ دەکەن کە منداڵەکەت دەتوانێت دوای لەدایکبوونی بیخوات بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە پاراستنی HIV.

## پشتگیری و ئامۆژگاری

ئەو ڕێکخراوانەی لە کۆتایی ئەم نامیلکەیەدا ئاماژەیان پێکراوە دەتوانن زانیاری و پشتگیری سەبارەت بە نەخۆشییە درمیەکان پێشکەش بکەن.

## ڕاستیەکان

**ئەنجامدانی پشکنینی خوێن بۆ HIV کاریگەری لەسەر بیمەی ژیانی ئێستا یان داهاتوو نییە، بەڵام ئەگەر کێشەیەکی تەندروستی دەستنیشانکرا، دەتوانێت کاریگەری لەسەر بیمەکەت هەبێت. لەوانەیە بتەوێت بۆ زانیاری زیاتر بیمەکەت بپشکنیت.**

**دیسانەوە پێشنیار دەکرێت پشکنین بکرێت.**

# لەگەڵ سکانی سۆنەر



## لە تێڕوانینێکدا...

- ماماناکەت دوو سکانی سۆنەری سکرینکردنت پێدەدات – یەکێکیان لە نێوان 11 بۆ 14 هەفتە و یەکێکی دیکەیان لە نێوان 18 بۆ 21 هەفتە.

- ئەم سکانانە لەلایەن پسپۆڕانی تەندروستی ڕاهێنراوەوە ئەنجام دەدرێن کە پێیان دەوترێت سۆنۆگرافەر. هەروەها هەندێک لە ماماناکان سۆنۆگرافەرن.

- سکانەکان 100% ورد و ڕێک نین. هەندێک جار کێشەیەک هەیە کە بە سکانکردن دەستنیشان ناکرێت.

- سکانەکەت وێنەیەکی دوو ڕەهەندی ڕەش و سپی دەبێت. سکانکردنی سێ ڕەهەندی (3D) و ڕەنگەکان بە شێوەیەکی ڕۆتینی لە NHS بەکارناهێنرێن.

- سکانی ئەلتراسۆند سەلامەتە بۆ دایک و کۆرپە.

سکانی سکرینکردن پشکنین بۆ کێشەکان دەکات و دەبینێت ئایا کۆرپەکەت بە باشی گەشە دەکات یان نا. ئەم بەشە بە وردی بخوێنەرەوە و پێش ئەوەی بڕیار بدەیت کە ئایا دەتەوێت سکانەکە بکەیت یان نا، لەگەڵ پسپۆڕی چاودێری تەندروستی خۆت قسە بکە.

## سکانی سکرینکردن سەرەتای دووگیانی

یەکەم سکانی سکرینکردنت لە نێوان 11 بۆ 14 هەفتەدا بۆ دادەنرای. ئەم سکانە:

- ترپەی دڵ و هەڵدان و گەشەکردنی منداڵەکەت دەپشکنێت
- قۆناغی دووگیانی دەخەمڵێنێت
- پشتڕاستی دەکاتەوە ئایا منداڵێک یان زیاتر هەیە
- ئاماژە بە پێوانەکردنی شەفافیەتی ناوەکی دەکات (بڕوانە لاپەڕەی 33).

ئەگەر لەم قۆناغەدا کێشەیەکی تایبەت دۆزرایەوە، ئەوا پسپۆڕی چاودێری تەندروستی لەو کاتەدا لەگەڵت باسی دەکات.

## سکانی سکرینکردن ناوەڕاستی دووگیانی

ئەم سکانە لە نێوان 18 بۆ 21 هەفتەدا دەنووسرێت. هەروەها پێی دەوترێت سکانی نائاسایی کۆرپەلە.

سکانەکە پشکنین بۆ ئەم کێشانەی خوارەوە دەکات:

- نەخۆشی ئانسفالی
- سپینا بیفیدای کراوە
- درزی لێو
- فتقی دیافراگم
- نەخۆشی گەدە
- ئیگزۆمفالۆس
- ئاجینێسیس دوولایەنەی گورچیلە
- نائاسایی جدی دڵ
- ناتەواوی ئێسکەپەیکەری کوشندە
- نەخۆشی ئێدواردز یان T18*
- نەخۆشی پاتۆ یان T13.*

*ئەم سکانە ناتوانێت جۆری نەخۆشی ئێدواردز یان نەخۆشی پاتۆ دیاری بکات، و بۆ نموونە ئایا تەواو یان بەشەکییە.

## سکانی سکرینکردنی ناوەڕاستی دووگیانی

گەشەی منداڵەکەت دەپشکنێت، لەوانە ئەمانەی خوارەوە:




ڕەنگە هەندێک کێشە بە سکانی ناوەڕاستی دووگیانی دەستنیشان نەکرێن. ئەگەر سۆنۆگرافەر پێی وایە لەوانەیە کێشەیەک هەبێت، ئەوا دەتوانێت داوای بۆچوونی پسپۆڕانە لە پسپۆڕێکی تەندروستی دیکە بکات. ئەگەر ئەمە ڕووبدات پێت دەڵێن بەدوای چیدا دەگەڕێن، بەڵام ڕەنگە هێشتا دڵنیا نەبن. ئەگەر سۆنۆگرافەر شتێکی دۆزیەوە کە ئاماژە بەوە بکات کە منداڵەکەت ئەگەری تووشبوون بە حاڵەتێکی کرۆمۆسۆمی زیاترە، لەوانەیە فەرمانت پێبدرێت پشکنینی دەستنیشانکردنت بۆ بکرێت.

ئەگەر هیچ شتێک لە سکانی سکرینکردنی ناوەڕاستی دووگیانیدا هەڵە نەبوو، ڕەنگە پێویستت بە سکانێکی تر نەبێت لە کاتی دووگیانیدا. ئەگەر سۆنۆگرافەرەکە نەتوانێت کۆرپەکەت بە ڕوونی ببینێت بەڵام لەوانەیە داوات لێ بکرێت ڕۆژێکی تر بێیتەوە بۆ سکانێکی تر.

## پێش و لە کاتی سکانەکەت و دوای سکانەکەت

- داوات لێدەکرێت کە هەندێک ئاو بخۆیتەوە (نزیکەی یەک پینت/500 مل کاتژمێرێک پێش سکانی سەرەتایی سکرینکردنی دووگیانی. بوونی ئاو لە میزڵدان یارمەتی سۆنۆگرافەر دەدات کە منداڵەکەت بە ڕوونیتر ببینێت.

- پێویست ناکات پێش سکانی سکرینکردنی ناوەڕاستی دووگیانی میزڵدانت پڕ بێت، بەڵام خواردنەوەی پەرداخێک یان دوو پەرداخ ئاو یارمەتی سۆنۆگرافەر دەدات کە.
- زۆربەی نەخۆشخانەکان پێشوازی دەکەن کە کەسێک لەگەڵت بێت لە کاتی سکانکردندا. لەوانەیە ڕێگە نەدرێت منداڵانی بچووک لەگەڵتدا بچنە ژوورەوە چونکە دەتوانن سەرنجی سۆنۆگرافەرەکە سەرقاڵ بکەن. باشترە پێشوەختە هەماهەنگی بکەیت.
- سۆنۆگرافەر داوات لێدەکات لەسەر قەنەفەیەک پاڵ بکەویت و جلەکەت بەرەو سنگت ڕابکێشیت و تەنوورە یان پانتۆڵەکەت بۆ خوارەوە تا لاڕانت ڕابکێشیت. بڕێک جێڵ دەدەن لە زکت (گەدە) و دواتر بە نەرمی ئامێرێکی دەستی بەسەریدا تێدەپەڕێنن. ئەم ئامێرە شەپۆلی سۆنەر دەنێرێت و وەریدەگرێت کە ڕێگە بە کۆمپیوتەر دەدات وێنەی کۆرپەکەت دروست بکات.
- ئەم سکانە بە هیچ شێوەیەک ئازاری نییە، بەڵام ڕەنگە سەرەتا جێڵەکە کەمێک سارد بێت. هەندێک جار سۆنۆگرافەر پێویستی بە گوشار خستنە سەر سکت دەبێت کاتێک هەندێک بەش لە جەستەی کۆرپەکەت سەختە بۆ بینین.

**زانینی نەخۆشییەک پێش لەدایکبوون دەتوانێت یارمەتی دایک و باوک بدات بۆ پلاندانان و ئامادەکاری بۆی. بۆ نموونە ئەگەر منداڵەکەت ڕاستەوخۆ دوای لەدایکبوونی پێویستی بە چارەسەری هەبێت، ئەوا پسپۆڕانی تەندروستی دەتوانن یارمەتیت بدەن لە منداڵبوون لە نەخۆشخانەیەک کە تۆ و کۆرپەکەت دەتوانن ئەو چاودێرییە بەدەستبهێنن کە پێویستیانە.**

## ڕاستیەکان

**تاقیکردنەوەکانی سکرینکردن ناتوانێت هەموو کێشەکان دەستنیشان بکات.**

- **ڕەنگە سۆنۆگرافەر نەتوانێت منداڵەکەت بە ڕوونی ببینێت.**
- **هەندێک نەخۆشی دوای 21 هەفتەیی دروست دەبن.**
- **هەندێک کێشە لە سکانەکاندا نابینرێت چونکە کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی دەرکەوتنی کۆرپەکەت نییە.**



سۆنۆگرافەرێک کە
سکان نجام دەدات



شاشەی سۆنەر بە
وێنەی منداڵێکی ساوا

- سکانەکە تا 30 خولەک دەخایەنێت.
- لەکاتی ئەنجامدانی سکانەکەی سۆنۆگرافەر، پێویستە بتوانیت بەشەکانی جەستەی کۆرپەکەت لەسەر شاشەکە بناسیتەوە – سۆنۆگرافەرەکە پیشانت دەدات.
- دیاریکردنی ڕەگەزی کۆرپەکە ئامانجی سکانەکە نییە مەگەر هۆکارێکی پزیشکی هەبێت بۆ ئەو کارە. زۆرجار بەهۆی شوێنگەی کۆرپەکەت مەحاڵە بزانیت. بە تەواوی جێی متمانە نییە و هەندێک جار دەتوانێت هەڵە بێت.
- زۆربەی ڕەهای سکانەکان دەریدەخەن کە کۆرپە تەندروستە و هیچ کێشەیەک نادۆزرێتەوە.

# پەیوەندی بە نەخۆشی داون و نەخۆشی ئێدواردز و نەخۆشی پاتۆوە هەیە

سکرینکردن بۆ ئەوەی بزانرێت کە منداڵەکەت چەندە ئەگەری تووشبوونی بە نەخۆشی داون، نەخۆشی ئێدواردز، یان نەخۆشی پاتۆ هەیە. ئایا دەتەوێت ئەگەرەکە بزانیت یان نا، ئەوە پەیوەستە بە خۆتەوە. بڕیارەکە بە دەستی تۆیە.

لە سێ مانگی یەکەمدا دەتوانیت هەڵبژێریت کە پشکنین بۆ ئەمانە بکەیت:

- تەنها نەخۆشی داون
- تەنها نەخۆشی ئێدواردز و نەخۆشی پاتۆ
- هەر سێ کێشەکە.

ئەگەر ناتەوێت، دەتوانیت هەڵبژێریت کە هیچ کام لەم پشکنینانەی سکرینکردن ئەنجام نەدەیت.

لە بەریتانیا نزیکەی یەک لە هەر 700 منداڵ تووشی نەخۆشی داون بووە. ئەمە باوترین نەخۆشی کرۆمۆسۆمییە.

لە بەریتانیا نزیکەی یەک لە هەر 5 هەزار منداڵ تووشی نەخۆشی ئێدواردز بووە. ئەمە دووەم نەخۆشی کرۆمۆسۆمییە.

لە بەریتانیا نزیکەی یەک لە هەر 16 هەزار منداڵ تووشی نەخۆشی پاتۆ بووە.

## کرۆمۆسۆمەکان

جەستەمان لە ملیۆنان خانە پێکهاتووە و لەناو هەر خانەیەکدا کرۆمۆسۆم هەیە. کرۆمۆسۆمەکان هەڵگری جینەکانن کە چۆنیەتی گەشەکردنمان دیاری دەکەن. بەزۆری مرۆڤ 46 کرۆمۆسۆمی هەیە کە 23 کرۆمۆسۆم لە دایک و 23 کرۆمۆسۆم لە باوکەوە وەردەگرێ. کۆرپە کێشەی کرۆمۆسۆمی هەیە ئەگەر کرۆمۆسۆمێکی تەواو یان بەشەکی زیادە لە خانەکانیاندا هەبێت. ئەگەر ئەم کێشەیە تەنها لە هەندێک لە خانەکانیاندا دروست بێت، پێی دەوترێت مۆزایسم.

ئەگەر ئەنجامی سکرینکردنەکە دەریخست کە ئەگەری ئەوە زیاترە کە یەکێک لە حاڵەتە کرۆمۆسۆمییەکانت هەبێت، دەتوانیت هەڵبژێریت کە پشکنینی زیاتری سکرینکردن (کە بە NIPT ناسراوە، کە کورتکراوەی تاقیکردنەوەی پێش لەدایکبوونی ناهێرشکەرە)، پشکنینی دەستنیشانکردن، یان نەکردنی پشکنینی زیاتر. نەخۆشی داون، نەخۆشی ئێدواردز و نەخۆشی پاتۆ بە شێوەیەکی رێکەوتی ڕوودەدەن. هۆکارەکەی هیچ شتێک نییە کە دایک و باوک پێش دووگیانی یان لە کاتی دووگیانیدا ئەنجامی بدەن.

**لە دایکانی بەتەمەندا ئەگەری تووشبوونی منداڵەکەیان یەکێک لەو نەخۆشیانە زیاترە و ئەم ئەگەرەش زیاد دەکات لەگەڵ زیادبوونی تەمەنی دایکەکە لە کاتی دووگیانیدا. بەڵام نەخۆشی داون و نەخۆشی ئێدوارد و نەخۆشی پاتۆ لە کاتی دووگیانیدا بۆ ژنان لە هەر تەمەنێکدا ڕوودەدەن. هەموو ئافرەتانی دووگیان بەبێ گوێدانە تەمەن دەتوانن ئەم پشکنینە ئەنجام بدەن.**

# نەخۆشی داون



- منداڵێکی تووشبوو بە نەخۆشی داون لەدایک دەبێت بە کرۆمۆسۆمی 21ی زیادەی لە هەر خانەیەکدا هەیە. هەندێک جار بە نەخۆشی داون ناودەبرێت ترایسۆمی 21.

- ئەو کەسانەی کە نەخۆشی داونیان هەیە دەتوانن ژیانێکی چالاک و تەندروست و تاڕادەیەک سەربەخۆ بژین تا تەمەنی 60 و 70 و زیاتر.

- زۆربەی ئەو کەسانەی کە نەخۆشی داونیان هەیە کەمئەندامی فێربوونیان سووک تا مامناوەندە، و ڕەنگە هەندێکیان پێویستی ئاڵۆزتریان هەبێت. ئەم بابەتە ناتوانرێت پێش لەدایکبوون دەستنیشان بکرێت.

- هەندێک کێشەی تەندروستی زیاتر لەو کەسانەدا ڕوودەدات کە نەخۆشی داونیان هەیە، بەڵام هەندێک کێشەی تەندروستی کەمتر ڕوودەدات.

# ژیان لەگەڵ نەخۆشی داون

دەرفەت و پشتگیرییەکان لە بواری پەروەردە و کار و نیشتەجێبوون بۆ ئەو کەسانەی کە نەخۆشی داونیان هەیە لە زیادبووندایە. ئەو کەسانەی ئەم نەخۆشیەیان هەیە دەتوانن وەک بەشێک لە خێزان و کۆمەڵگاکەیان ژیانێکی تەندروست و دڵخۆشکەر بژین. ڕەنگە هەندێک کەسی تووشبوو بە نەخۆشی داون بە شێوەیەکی سەربەخۆ بژین، کارەکانیان ڕابگرن، لە پەیوەندیدا بن و بە کەمترین پشتیوانی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بکەن. بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە زۆربەی ئەو کەسانەی نەخۆشی داونیان هەیە دڵخۆشن و زۆربەی خێزانەکان لە ژیانی خۆیان ڕازین.

منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشی داون دەتوانن بچنە قوتابخانەی ئاسایی و پشتگیری زیاتر وەربگرن ئەگەر پێویست بوو. پێش لەدایکبوون ناتوانرێت دیاری بکرێت کە ئایا کەسێک پێویستی بە یارمەتی و پشتیوانی زیاترە یان نا.

## نەخۆشی داون و تەندروستی

زۆرێک لە منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشی داون هەمان کێشەی تەندروستییان هەیە وەک منداڵانی دیکە. ڕەنگە هەندێک کێشەی تەندروستی لەو کەسانەدا زیاتر بێت کە نەخۆشی داونیان هەیە، بەڵام هەندێک کێشەی تەندروستی کەمتر ڕوودەدەن.

لە کۆی 10 منداڵ کە بە نەخۆشی داونەوە لەدایک دەبن، 5 منداڵ تووشی نەخۆشییەکانی دڵ دەبن، لە کۆی 5 منداڵ کەمتر لە یەک منداڵ لەوانەیە پێویستی بە نەشتەرگەری هەبێت. ئەو کەسانەی نەخۆشی داونیان هەیە زیاتر تووشی کێشەی کۆئەندامی هەرس و تونی ماسولکەکان دەبن، هەروەها لەوانەیە توانای بیستن یان بینینیان خراپ بێت. وەک گەورەساڵێک ئەگەر تووشی نەخۆشی داون بوویت ئەگەری تووشبوونت بە نەخۆشی بیرچوونەوە کە زوو دەستپێدەکات، بەڵام ئەگەری تووشبوونت بە هەندێک شێرپەنجە و جۆری نەخۆشی دڵ کەمترە. پشکنینی تەندروستی بەردەوام دەتوانێت دڵنیابێت لەوەی کە هەر نیگەرانییەکی تەندروستی لە کاتی خۆیدا دەستنیشان دەکرێت و بەڕێوەدەبرێت.

## نەخۆشی داون و تەمەنی درێژی

ئەو کەسانەی کە نەخۆشی داونیان هەیە دەتوانن تا تەمەنی 60 و 70 و زیاتر بژین.

## زانیاری زیاتر

دەتوانن زانیاری و پشتگیری زیاتر لە نەخۆشی داون سکۆتلەندا بدۆزنەوە:
**www.dsscotland.org.uk**

# نەخۆشی ئێدواردز



ئەو کۆرپانەی کە نەخۆشی ئێدواردزیان هەیە لە هەموو یان هەندێک لە خانەکانیاندا کرۆمۆسۆمی 18ی زیادەیان هەیە. هەندێک جار نەخۆشی ئێدواردز بە ترایسۆمی 18 ناودەبرێت.

ئەگەر کۆرپەکەت تووشی نەخۆشی ئێدواردز بوو، ئەگەری لەبارچوون و بە مردوویی لەدایکبوون زیاترە.

نەخۆشی ئێدواردز کاریگەری لەسەر ئەگەری ماوەی تەمەنی منداڵەکەت هەیە.

ئەو کۆرپانەی کە فۆڕمی بەشەکی یان مۆزایکیان هەیە لەوانەیە کێشەی تەندروستی کەمتریان هەبێت لە چاو ئەو کۆرپانەی کە فۆڕمی تەواوی نەخۆشیەکەیان هەیە. پشکنینی سکرینکردن ناتوانرێت پێش لەدایکبوون پێشبینی بکات کە کێشە تەندروستییەکان چەندە جددی دەبن.

# ژیان لەگەڵ نەخۆشی ئێدواردز

چۆن نەخۆشی ئێدواردز کاریگەری لەسەر کۆرپەکەت دەبێت، بەندە بە چەند شتێکەوە. ئەو منداڵانەی کە نەخۆشی تەواوەتی ئێدواردزیان هەیە، دواکەوتنی بەرچاویان دەبێت لە فێربوون و گەشەکردنی جەستەیی و ئەگەری زۆرە پێویستیان بە تەندروستی، چاودێری و پشتگیری فێربوون هەبێت بۆ تەواوی ژیانیان. ئەو منداڵانەی کە فۆرمی بەشەکی یان مۆزایکییان هەیە لەوانەیە کەمتر بکەونە ژێر کاریگەری.

## نەخۆشی ئێدواردز و تەندروستی

ڕەنگە هەندێک لە نیشانە جەستەییەکانی ئەم نەخۆشییە لە کاتی سکانی سکرینکردنی ناوەڕاستی دووگیانیدا (18–21 هەفتەی دووگیانی) ببینرێت. ئەو کۆرپانەی کە نەخۆشی ئێدواردزیان هەیە، ئەگەری زۆرە تووشی نەخۆشییەکی بەرفراوان ببن، کە هەندێکیان نەخۆشییەکی مەترسیدارن.

لە کۆی 10 منداڵ کە بە نەخۆشی ئێدواردز لەدایک دەبن، نزیکەی 9 منداڵیان کێشەی دڵیان هەیە، 5 منداڵ تووشی لەدەستدانی بیستن دەبن، 5 منداڵیش تووشی کێشەی پەیوەست بە ماسولکە و جومگەکانیان دەبن. هەندێک لە کۆرپەکان پێویستیان بە یارمەتی هەیە بۆ خۆراکدان و قووتدان و هەناسەدان. ئەم کۆرپانە بەزۆری کێشی لەدایکبوونیان کەمە و هەروەها ئەگەری تووشبوونیان بە هەوکردن زیاترە و پێویستیان بە چاودێری نەخۆشخانە هەیە.

## نەخۆشی ئێدواردز و تەمەنی چاوەڕوانکراو

7 منداڵ لە کۆی 10 دووگیانی کە لە 12 هەفتەدا تووشی نەخۆشی ئێدواردز بوون، بە لەبارچوون یان لەدایکبوونی مردوو کۆتایی دێت. ئەمەش لە سەرەتای دووگیانیدا زیاترە و لەگەڵ پێشکەوتنی دووگیانیدا ئەم ئەگەرە کەم دەبێتەوە.

نەخۆشی ئێدواردز کاریگەری لەسەر ئەوە هەیە کە ئەگەری تەمەنی کۆرپەکەت چەندە. لە کۆی هەموو ئەو کۆرپانەی کە بە نەخۆشی ئێدواردز لەدایک دەبن، لە کۆی 10 منداڵ 5 منداڵیان زیاتر لە یەک هەفتە و لە کۆی 1 منداڵ یەکێکیان زیاتر لە 5 ساڵ دەژی. هەندێک لەو کۆرپانەی کە نەخۆشی تەواوەتی ئێدواردزیان هەیە لەوانەیە تا تەمەنی گەورەیی بژین. ئەمەش زیاتر بۆ ئەو کۆرپانە ڕوودەدات کە نەخۆشییەکەیان فۆرمی بەشەکی یان مۆزایکییان هەیە.

## زانیاری زیاتر

دەتوانیت زانیاری و پشتگیری زیاتر لە ڕێکخراوی پشتگیری بۆ ترایسۆمی 13 و تریسۆمی 18 (SOFT): **www.soft.org.uk** بەدەستبهێنیت.

# نەخۆشی پاتۆ



- ئەو کۆرپانەی کە نەخۆشی پاتۆیان هەیە کرۆمۆسۆمی 13ی زیادەیان لە هەموو یان هەندێک لە خانەکانیاندا هەیە. هەندێک جار ترایسۆمی 13بە نەخۆشی پاتۆ ناودەبرێت.

- ئەگەر منداڵەکەت نەخۆشی پاتۆی هەبێت، ئەگەری لەبارچوون و بە مردوویی لەدایکبوونی زیاترە.

- نەخۆشی پاتۆ کاریگەری لەسەر ئەگەری ئەوە هەیە کە منداڵەکەت چەندە دەمێنێ.

- ئەو کۆرپانەی کە فۆڕمی بەشەکی یان مۆزایکیان هەیە لەوانەیە کێشەی تەندروستی کەمتریان هەبێت لە چاو ئەو کۆرپانەی کە فۆڕمی تەواوی نەخۆشیەکەیان هەیە. پشکنینی سکرینکردن ناتوانرێت پێش لەدایکبوون پێشبینی بکات کە کێشە تەندروستییەکان چەندە جددی دەبن.

# ژیان لەگەڵ نەخۆشی پاتۆ

چۆن نەخۆشی پاتۆ کاریگەری لەسەر منداڵەکەت دەبێت، بەندە بە چەند شتێکەوە. ئەو منداڵانەی کە نەخۆشی تەواو پاتۆیان هەیە دواکەوتنی بەرچاویان دەبێت لە فێربوون و گەشەکردنی جەستەیی و پێدەچێت پێویستیان بە پشتگیری تەندروستی، چاودێری و فێربوون هەبێت بۆ تەواوی ژیانیان. ئەو منداڵانەی کە فۆڕمی بەشەکی یان مۆزایکییان هەیە لەوانەیە کەمتر بکەونە ژێر کاریگەری.

## نەخۆشی پاتۆ و تەندروستی

ڕەنگە هەندێک لە نیشانە جەستەییەکانی ئەم نەخۆشییە لە کاتی سکانی سکرینکردنی ناوەڕاستی دووگیانیدا (18–21 هەفتەی دووگیانی) ببینرێت. ئەو کۆرپانەی کە نەخۆشی پاتۆی تەواویان هەیە، ئەگەری زۆرە تووشی نەخۆشییەکی بەرفراوان بن، کە هەندێکیان نەخۆشییە جدییەکانن.

لە کۆی 10 منداڵ کە بە نەخۆشی پاتۆ لەدایک دەبن، نزیکەی 8 منداڵیان کێشەی دڵیان هەیە، 6 منداڵیان کێشەی گەشەکردنی مێشکیان هەیە، نزیکەی 6 منداڵیش تووشی درز و درزی لێو دەم دەبن. هەندێک کۆرپە کێشەکانی چاو و گورچیلەیان هەیە، تووشی گرژبوون دەبن، یان لەدایک دەبن بە ئەندامەکانی دەرەوەی جەستەیان. هەندێک لە کۆرپەکان پێویستیان بە یارمەتی هەیە بۆ خۆراکدان و قووتدان و هەناسەدان. ئەم کۆرپانە بەزۆری کێشی لەدایکبوونیان کەمە و هەروەها ئەگەری تووشبوونیان بە هەوکردن زیاترە و پێویستیان بە چاودێری نەخۆشخانە هەیە.

## نەخۆشی پاتۆ و تەمەنی چاوەڕوانکراو

7 لە کۆی 10 دووگیانی کە لە 12 هەفتەدا تووشی نەخۆشی پاتۆ بوون، بە لەبارچوون یان بە مردوویی لەدایکبوون کۆتایی دێت. ئەمەش لە سەرەتای دووگیانیدا زیاترە و لەگەڵ پێشکەوتنی دووگیانیدا ئەم ئەگەرە کەم دەبێتەوە.

نەخۆشی پاتۆ کاریگەری لەسەر ئەوە هەیە کە ئەگەری زیندو مانی کۆرپەکەت چەندە. لە هەموو ئەو کۆرپانەی کە بە نەخۆشی پاتۆ لەدایک دەبن، لە کۆی 10 منداڵ 4 منداڵیان زیاتر لە یەک هەفتە و 1 کۆرپە تەمەنیان زیاتر لە 5 ساڵ دەبێت. هەندێک لەو کۆرپانەی کە نەخۆشی پاتۆی تەواویان هەیە لەوانەیە تا تەمەنی گەورەیی بژین. ئەمەش زیاتر بۆ ئەو کۆرپانە ڕوودەدات کە نەخۆشییەکەیان فۆڕمی بەشەکی یان مۆزایکییان هەیە.

## زانیاری زیاتر

دەتوانن زانیاری و پشتگیری زیاتر لە **www.soft.org.uk** بدۆزنەوە.

# چ جۆرە تاقیکردنەوەیەکی سکرینکردن پێشنیار دەکرێت بۆم بۆ نەخۆشی داون و/یان نەخۆشی ئێدواردز و نەخۆشی پاتۆ؟

ئەم شتانەی خوارەوە بۆ ئێوە نووسراون:

**سێ مانگی یەکەم**

**پشکنینی خوێن بە سکانی سۆنەری NT**

(ئەگەر لە نێوان 11 بۆ 14 هەفتەی دووگیانیدا بوویت)

**چارەکی دووەم**

**پشکنینێکی خوێن بۆ نەخۆشی داون**

(ئەگەر لە نێوان هەفتەی 14 و 20ی دووگیانیدا بیت)

هەندێک پشکنین تەنها لە کاتێکی دیاریکراوی دووگیانیدا دەکرێت. ئەگەر سکانی سەرەتای دووگیانیەکەت دەریخست کە تۆ لە قۆناغێکی جیاوازی دووگیانیدایت لەوەی کە بیرت لێدەکردەوە، مامانەکەت ڕوونی دەکاتەوە کە دەتوانیت کام پشکنین ئەنجام بدەیت.

**ئەگەر لە سێ مانگی یەکەمدا ناتوانیت پشکنینی نەخۆشی داون و/یان نەخۆشی ئێدواردز و نەخۆشی پاتۆ بکەیت، تەنها دەتوانیت لە سێ مانگی دووەمدا پشکنینی نەخۆشی داون بکەیت.**

## پشکنینی خوێن

پشکنینی خوێن ئەو ماددانە دەپێوێت کە لە نێوان تۆ و کۆرپەکەتدا تێپەڕیون. ئەگەر بڕیارت دا پشکنینەکە ئەنجام بدەیت، لە نێوان هەفتەی 11 بۆ 20 نمونەی خوێن وەردەگیرێت.

## لەگەڵ پسپۆڕی چاودێری تەندروستی خۆت قسە بکە دەربارەی ئەمانەی خوارەوە...

- ئەگەر جگەرە دەکێشیت
- تۆ دووگیانی یارمەتیدراو بوویت (بۆ نموونە – IVF پیتاندنی تاقیگەیی). تەمەنی تۆ و (ئەگەر گونجاو بێت) تەمەنی هێلکەبەخشەکە لە حیسابکردنەکەدا بەکاردەهێنرێت. هەبوونی ئەم زانیاریانە دەتوانێت ئەنجامی سکرینکردنێکی وردتر دابین بکات.



## سکانی سۆنەری NT

سکانی سۆنەری NT کە کورتکراوەی ("سکانی شەفافیەتی نوچال")ە لە نێوان 11 بۆ 14 هەفتەی دووگیانی ئەنجام دەدرێت، بەزۆری وەک بەشێک لە سکانی سکرینکردنی سەرەتایی دووگیانیت. لەوانەیە گوێت لێ بوبێت کە پێی دەوترێت "پشکنینی تێکەڵاو" چونکە ئەنجامی سکانەکە لەگەڵ پشکنینی خوێنەکەت تێکەڵ دەکات.

ئۆلترا ساوند بڕی شلەی ژێر پێستی پشتی ملی منداڵەکەت دەپێوێت. ئەنجامی پشکنینی سۆنەری NT و پشکنینی خوێنەکەت لەگەڵ تەمەن و کێش و قۆناغی دووگیانی و هەندێک زانیاری تر (وەک ئەوەی جگەرە دەکێشیت یان نا) دەخرێتە ناو کۆمپیوتەرێکەوە بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئایا کۆرپەکەت تووشی نەخۆشی داون بووە یان... تێکەڵەیەک لە نەخۆشی ئێدواردز و نەخۆشی پاتۆ. ئەگەر دووگیان بیت بە دوانە، هەمان بژاردەی سکرینکردنت پێشکەش دەکرێت وەک ئەوەی تەنها بە یەک منداڵ دووگیان بیت. لەوانەیە پشکنینی سکرینکردن لە دووگیانی دووانەدا کەمتر ورد بێت. مامانەکەت یارمەتیت دەدات لەوە تێبگەیت کە ئەمە مانای چییە و پشتگیریت دەکات بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ئایا پشکنینی زیاتر بۆ تۆ و کۆرپەکەت گونجاوە یان نا.

# چی ڕوودەدات ئەگەر بڕیار بدەم پشکنینی نەخۆشی داون و/یان نەخۆشی ئێدواردز و نەخۆشی پاتۆ بکەم؟

لەوانەیە تۆ هەڵبژێریت کە تەنها بۆ نەخۆشی داون، نەخۆشی ئێدواردز و نەخۆشی پاتۆ، یان هەر سێ حاڵەتەکە پشکنینت بۆ بکرێت. تەنها ئەو ئەنجامانە وەردەگریت کە داوات کردووە.

## ئەگەر ئەنجامەکە دەریخست کە ئەگەرەکە کەمترە

ئەنجامەکە بۆ زۆربەی خانمان دەریدەخات کە ئەگەرەکە کەمترە. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەگەری زۆرە منداڵەکەت تووشی یەکێک لەم کێشانە بێت. ئەمەش بەزۆری بەو مانایەیە کە منداڵەکەت کەمتر لە 1 لە 150 ئەگەری تووشبوون بە یەکێک لەم کێشانە هەیە.

ئەگەر پشکنینی سکرینکردن دەریخست کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی داون، نەخۆشی ئێدواردز، یان نەخۆشی پاتۆ کۆرپەکەت کەم بێت، ئەوا پشکنینی زیاترت بۆ نووسراوە.

## ڕاستیەکان

**زیاتر لە 95% ی ئەنجامی پشکنینی سکرینکردنەکە دەریدەخات کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی داون، ئێدواردز یان نەخۆشی پاتۆ کۆرپە کەمە.**
**ئەمە بەو مانایە نییە کە بە هیچ شێوەیەک ئەگەری ئەوە نییە کە منداڵەکە تووشی یەکێک لەم کێشانە بێت، تەنیا ئەوەندەیە کە ئەگەری ئەوە نییە.**

## ئەگەر ئەنجامەکە دەرکەوت، ئەگەرەکە زیاترە

ئەگەر ئەنجامەکە ئەگەری زیاتری دەرخست، ئەوە مانای ئەوە نییە کە منداڵەکەت بە دڵنیاییەوە یەکێک لە کێشەکانی هەیە، بەڵام ئەگەری ئەوە زیاترە. ئەمەش بەزۆری بەو مانایەیە کە منداڵەکەت زیاتر لە 1 لە 150 ئەگەری تووشبوون بە یەکێک لەم کێشانە هەیە.

لەوانەیە ئەو ئەنجامەی کە وەریدەگریت ئاماژە بێت بۆ ئەوەی ئەگەری زۆرت هەبێت بۆ تووشبوون بە یەکێک لەم ئاڵۆزیانە، بەڵام منداڵەکە لەوانەیە ئاڵۆزیەکی دیکەی هەبێت. ئەگەری زۆر کەم هەیە کە ئەنجامێک بەدەست بهێنیت کە ئەگەری زۆرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشی داون، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە منداڵەکە بەڕاستی نەخۆشی پاتۆی هەبێت.

ئەگەر ئەو ئەنجامەی کە بەدەستی دەهێنیت ئەگەری زۆر بەرزی نیشان بدات (لە نێوان '1 لە 2' و '1 لە 10') بۆ تووشبوون بە نەخۆشی ئێدواردز یان نەخۆشی پاتۆ، NIPT کەمتر وردە و لەوانەیە کاریگەری لەسەر بژاردەی سکرینکردنی داهاتوو هەبێت.

## ئەنجامەکەم دەریخست کە ئەگەرەکە زیاترە، دواتر چی ڕوودەدات؟

مامانەکەت ئەنجامەکانت لەگەڵتدا باس دەکات و مانایانت بۆ ڕوون دەکاتەوە. پاشان پێت دەڵێت بژاردەکانی ترت چین. کاتت پێدەدرێت تا بیر لە بژاردەکانت بکەیتەوە و بڕیارێک بدەیت کە پێت وایە باشترینە بۆ خۆت و منداڵەکەت. پێویست ناکات یەکسەر هیچ بڕیارێک بدەیت.

دوای وەرگرتنی ئەنجامێکی ئەگەری زیاتر، ئەمانەی خوارەوەت پێشکەش دەکرێت:

- ناکردنی هیچ پشکنینێکی تر
- تاقیکردنەوەیەکی تری سکرینکردن (تاقیکردنەوەی پێش لەدایکبوونی ناداگیرکەر، کە پێی دەوترێت NIPT)
- تاقیکردنەوەیەکی دەستنیشانکردن (نموونەگرتنی شانەکانی کۆرپەلە (CVS) یان ئامنۆسێنتێزی).

## زانیاری زیاتر

لاپەڕەکانی 44 و 45 لیستی ئەو ڕێکخراوانە لەخۆدەگرن کە دەتوانیت زانیاری و پشتگیری زیاتریان تێدا بدۆزیتەوە دوای ئەنجامی سکرینکردنێکی ئەرێنی.

# پشکنینی ناداگیرکەری پێش لەدایکبوون (NIPT)

NIPT پشکنینی خوێنی وردترە بۆ ئەو ژنانەی کە سکرینکردنی پێشووی بۆ نیشانەکانی داون و/یان نیشانەکانی ئێدواردز و نیشانەکانی پاتۆ ئاماژەی بە ئەگەری زیاتر کردووە.

هیچ تاقیکردنەوەیەکی سکرینکردن 100% ورد نییە، بۆیە NIPT ناتوانێت بە دڵنیاییەوە بزانێت کە ئایا کۆرپەکەت یەکێک لەم کێشانەی هەیە یان نا.

وەک پشکنینەکانی تری سکرینکردنی دووگیانی، ئەم پشکنینە بە تەواوی سەلامەتە و زیان بە تۆ و کۆرپەکەت ناگەیەنێت.

ئەنجامی NIPT سەبارەت بە هەر سێ کێشەکە. ناتوانرێت تەنها بۆ نەخۆشی داون یان تەنها بۆ نەخۆشی ئێدواردز و نەخۆشی پاتۆ وەک پێشتر پشکنین بۆ بکرێت.

## NIPT چۆن کاردەکات؟

لە کاتی دووگیانیدا منداڵدان بەشێک لە DNA ی خۆی ئازاد دەکات بۆ ناو خوێن، بۆیە خوێنەکەت هەم DNA ی تۆ و هەم بەشێک لە منداڵدانەکە لەخۆدەگرێت. ئەمەش ئەوەیە کە NIPT دەیپێوێت. ئەگەر NIPT DNA زیاتر لە خوێنتدا بدۆزێتەوە لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا لەسەر کرۆمۆسۆمی 21، 18، یان 13، ئەوە دەتوانێت مانای ئەوە بێت کە کۆرپەکەت یەکێک لەم حاڵەتانەی هەیە.

NIPT بۆ دۆزینەوەی کێشە تەندروستییەکانی تر یان کرۆمۆسۆمی یان ڕەگەزی کۆرپەکەت وەک بەشێک لە سکرینکردنی دووگیانی NHSScotland بەکارناهێنرێت.

ئەگەر تۆ ناتەوێت پشکنینی ڕاستەوخۆی دەستنیشانکردن ئەنجام بدەیت، ئەنجامی NIPT لەوانەیە یارمەتیت بدات بڕیار بدەیت کە ئایا ئەنجامی بدەیت یان نا. هەروەها ئەم پشکنینە یارمەتیت دەدات بۆ ئامادەکاری بۆ لەدایکبوونی کۆرپەکەت کە ڕەنگە پێویستی بە چاودێری و پشتیوانی زیاتر بێت.

ئەگەر ئەنجامی یەکەم تاقیکردنەوەی سکرینکردنت ئەگەری زۆر بەرزی نیشان دا (لە نێوان '1 لە 2' و '1 لە 10') پێویستە لەگەڵ پسپۆڕی چاوەدێری تەندروستی خۆت باسی بژاردەکانت بکەیت. چونکە NIPT کەمتر وردە کاتێک ئەنجامێک بەدەست دەهێنیت کە ئەگەری زۆرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشی ئێدواردز یان نەخۆشی پاتۆ.

## دەرەنجام لەسەر بنەمای ئەگەری کەم

بۆ زۆربەی ژنان، ئەنجامی NIPT ئاماژەیە بۆ ئەگەری کەم. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەگەری زۆرە منداڵەکەت تووشی یەکێک لەم کێشانە بێت. ئەگەر ئەم ئەنجامەت بەدەست هێنا، پێشنیار ناکرێت پشکنینی زیاتر بۆ ئەم کێشەیە ئەنجام بدەیت.

ئەگەری زۆر کەمە کە ئەنجامەکە ئەوە دەربخات کە ئەگەری تووشبوون بە کەم بێت، بەڵام منداڵەکەت یەکێک لەم کێشانەی هەبێ. ئەمەش بە ئەنجامێکی نەرێنی ساختە ناسراوە. مامانەکەت دەتوانێت زانیاری زیاترت پێ بدات لەسەر ئەم بابەتە.

## دەرەنجام لەسەر بنەمای ئەگەری بەرز

ئەگەر ئەنجامی NIPT ئەگەری زیاتری نیشان بدا، ئەوە بەو مانایە نییە کە منداڵەکەت بە دڵنیاییەوە یەکێک لە کێشەکانی هەیە، بەڵام ئەگەری زیاترە. پشکنینی دەستنیشانکردنت بۆ دەنووسرێت کە دەتوانێت بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە پێت بڵێت کە ئایا منداڵەکەت یەکێک لەم کێشانەی هەیە یان نا. هەر بڕیارێک بدەیت، پسپۆڕانی تەندروستی زانیاری و پشتگیریت بۆ دابین دەکەن.

زۆر بەدووری نازانرێت کە ئەنجامەکە ئەگەری تووشبوون بە هەوکردنێکی زۆر دەربخات، بەڵام منداڵەکەت یەکێک لەم کێشانە نابێت. ئەمەش بە ئەنجامێکی ئەرێنی ساختە ناسراوە.

## بێ ئەنجام

NIPT هەندێک جار ئەنجامێک نادات بە دەستەوە، ئەگەر DNA ی پێویست لە نمونەی خوێندا نەبێت یان ئەگەر کێشەیەکی تەکنیکی لە پشکنینەکەدا هەبێت. ئەگەر ئەنجامێکت بەدەست نەهێنا، دەتوانیت هەڵبژێریت کە NIPT دووبارە بکرێتەوە، ڕاستەوخۆ بچیتە پشکنینی دەستنیشانکردن، یان پشکنینی دیکە نەکەیت.

# NIPT تا چەند وردە؟

ئەگەر ئەنجامەکە دەریخست کە ئەگەری تووشبوونی منداڵەکەت یەکێک لەم کێشانە زۆرە، ئەوا ئەمانەی خوارەوە بۆ منداڵەکەت دەگونجێت:

- 91 لە کۆی 100 کەس بۆ نەخۆشی داون
- 84 لە کۆی 100 کەس بۆ نەخۆشی ئێدواردز
- 87 لە کۆی 100 کەس بۆ نەخۆشی پاتو.

توێژینەوەکان دەریدەخەن کە NIPT باشترە لە دۆزینەوەی کۆرپەی تووشبوو بە نەخۆشی داون لە دۆزینەوەی کۆرپەی تووشبوو بە نەخۆشی ئێدواردز یان نەخۆشی پاتو. لەوانەیە ئەمەش لەبەر ئەوە بێت کە ئەو کۆرپانەی کە نەخۆشی ئێدواردز یان نەخۆشی پاتویان هەیە، ئەگەری زۆرە بچووکتر بن و ئاوەڵی بچووکترە. ئەمەش لەوانەیە بەو مانایە بێت کە DNA کەمتر لە منداڵدانەوە لە خوێنتدا دەدۆزرێتەوە.

NIPT وردترە بۆ ئەو ژنانەی کە پێشتر ئەنجامی مەترسی زۆریان لە یەکەم تاقیکردنەوەی سکرینکردنیان وەرگرتووە. بەڵام هیچ پشکنینێکی سکرینکردن 100% ورد نییە.

NIPT دەتوانێت لە دووگیانی دووانە هاوشێوەکاندا بە هەمان شێوە ورد بێت کە تۆ منداڵێکی تاکتکەسیت هەڵگرتبوو. ڕەنگە NIPT لە دووگیانی دووانە نایەکسانەکاندا کەمتر ورد بێت چونکە دوو جووت هەن کە DNAی خۆیان ئازاد دەکەن. لەوانەیە نەتوانرێت جۆری دووگیانی دوانە دەستنیشان بکرێت.

**NIPT بۆ هەموو کەسێک نییە. ئەگەر هۆکارێک هەبێت کە ناتوانیت تووشی NIPT بیت، ماماکەت بۆت ڕوون دەکاتەوە، بۆ نموونە ئەگەر بەم دواییە خوێنت بردووە، شێرپەنجەت هەبووە یان حاڵەتێکت هەیە کە کرۆمۆسۆمی 21، 18 یان 13ی تێدایە.**

# پشکنینەکانی دەستنیشانکردن



ئەم پشکنینانە پێشکەش بەو ژنانە دەکرێن کە پشکنینی سکرینکردنیان دەریدەخات کە ئەگەری هەڵگرتنی خانەی داسی یان تالاسیمیایان زیاترە. یان کۆرپەکە زیاتر تووشی نەخۆشی داون، نەخۆشی ئێدوارد یان نەخۆشی پاتۆ دەبێت.

دوو جۆر تاقیکردنەوەی دەستنیشانکردن هەیە: نمونەگرتنی شانەکانی کۆرپەلە (CVS) و ئامنۆسێنتیزی.

تاقیکردنەوەکانی دەستنیشانکردن دەتوانن بە دڵنیاییەوە پێت بڵێن کە ئایا منداڵەکەت یەکێک لەم کێشانەی هەیە یان نا.

پشکنینی دەستنیشانکردن ئەگەری لەبارچوون زیاد دەکات.

زۆر گرنگە بزانیت کە **بڕیارەکە هی تۆیە کە ئایا پشکنینی دەستنیشانکردن ئەنجام بدەیت.**

پسپۆڕی چاودێری تەندروستیت لەگەڵتدا باسی دەکات و وەڵامی هەر پرسیارێک دەداتەوە کە هەتبێت. ئەوان پشتگیریت دەکەن بۆ ئەوەی بڕیارێک بدەیت کە بۆت گونجاو بێت. سەرچاوەکانی تری زانیاری و پشتیوانی لە کۆتایی ئەم نامیلکەیەدا هاتووە.

بەزۆری دوای 22 هەفتەی دووگیانی پشکنینی دەستنیشانکردن پێشنیار ناکرێت.

## CVS (نموونەگرتنی شانەکانی کۆرپەلە)

دەتوانرێت CVS لە 11 هەفتەی دووگیانیەوە ئەنجام بدرێت. بەزۆری تەنها لە ناوەندێکی تایبەتمەندیدا ئەنجام دەدرێت.

بە بەکارهێنانی سۆنەر، پزیشکی پسپۆڕ (پزیشکی منداڵبوون) دەرزییەکی ورد دەخاتە ناو سکت (گەدە) و نموونەیەکی بچووک لە شانەکانی منداڵدان وەردەگرێت.

دەتوانرێت کرۆمۆسۆمەکانی ئاوەڵ لە رووی نموونەکەوە بژمێردرێت. CVS ئەنجامە ناروونەکان دەدات لە نزیکەی دوو لە هەر 100 نموونەیەکدا. ئەگەر ئەمە ڕوویدا، لەوانەیە دووبارەکردنەوەی پشکنینت بۆ بنووسرێت. پزیشکی ئافرەتان یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی تێبگەیت کە ئەنجامەکان مانای چییە.




### ئاوەڵ

ئاوەڵ لە ناو منداڵدانتدایە. ئاوەڵ خوێنەکەت بە کۆرپەلەکەتەوە دەبەستێتەوە و خۆراکی دەدات.

## ئامنیۆسێنتێزی



ئامنیۆسێنتێزی (ڕەنگە تۆ کورتکراوەکەی " ئامنیۆ") دەتوانرێت دوای 15 هەفتەی دووگیانی ئەنجام بدرێت. بەزۆری نزیکەی 10 خولەکی دەوێت.

پشکنینی سۆنەر شوێنی کۆرپەکەت لە سکی دایکیدا دەپشکنێت. پزیشکی پسپۆڕ (پزیشکی منداڵبوون) دەرزییەکی ورد لە ڕێگەی سکتەوە (گەدە) ڕێنمایی دەکات بۆ ناو منداڵدانەکەت. پاشان پزیشک دەتوانێت نموونەیەک لە شلەی دەورووبەری کۆرپەکەت وەربگرێت (کە پێی دەوترێت شلەی ئامنۆتیک).

دەتوانرێت کرۆمۆسۆمەکانی منداڵەکەت لە نموونەکە بژمێردرێت. ئامنۆسێنتێزی ئەنجامێکی ناڕوون دەدات لە 1 لە 100 نموونەدا. ئەگەر ئەمە ڕوویدا، لەوانەیە پشکنینی دووبارەکردنەوەت بۆ بنووسرێت.

## ڕەوانەکردن بۆ تیمی پزیشکی کۆرپەلە

لەوانەیە دابینکەری چاوەدێری تەندروستی تۆ ڕەوانەی تیمی پزیشکی کۆرپەلەت بکات.

ئەم تیمە پزیشکی پسپۆڕ و مامان و کەسانی تری پسپۆڕی تەندروستی لەخۆدەگرێت. ئەم تیمە کە دەتوانێت لە نەخۆشخانەیەکی تردا بنکەکەی بێت، ڕەنگە فەرمانی پشکنینی زیاتر بکات و زانیاری و ئامۆژگاریت پێبدات سەبارەت بە هەر کێشەیەکی تەندروستی، بارودۆخێکی کرۆمۆسۆمی یان کەمئەندامییەک کە تۆ یان کۆرپەکەت هەتبێت. بەزۆری لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا کاتت دەبێت.

## پشکنینی دەستنیشانکردن تا چەند سەلامەتە؟

CVS و ئامنیۆسێنتێزی بە تەواوی سەلامەت نین، بەڵام تاکە ڕێگان بۆ ئەوەی بە دڵنیاییەوە بزانیت کە ئایا کۆرپەکەت نەخۆشییەکەی هەیە یان نا. بڕیارەکە هی تۆیە و پسپۆڕەکانی تەندروستی لە هەر بڕیارێکدا پشتگیریت دەکەن.

### پشتیوانی

هەروەها ئەو ڕێکخراوانەی لە پشتی ئەم نامیلکەیەدا ئاماژەیان پێکراوە دەتوانن زانیاری و پشتگیری زیاتر پێشکەش بکەن.



پشکنینی دەستنیشانکردن مەترسی هەیە. **1 لە هەر 200 (0.5%) ئەو ژنانەی کە پشکنینی دەستنیشانکردنیان بۆ دەکرێت، لە ئەنجامی پشکنینەکەدا منداڵیان لەبار دەچێت.** لەوانەیە ئەم مەترسییە لە دووگیانی دووانەدا زیاتر بێت.

## ئایا پشکنینی دەستنیشانکردن بە ئازارە؟

زۆرێک لە خانمان ئەم پشکنینانە نارەحەتکەر و هەندێکجاریش بە ئازار دەزانن.

کەمێک نارەحەتی لە بەشی خوارەوەی سک (گەدە) بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک ئاساییە و دەتوانیت پاراسیتامۆڵ بۆ ئەوە بخۆیت. نابێت کاری قورس بکەیت و دوای ئەوە دەبێ بۆ ماوەی یەک دوو ڕۆژ لە وەرزشی قورس دوور بکەویتەوە. ئەگەر نارەحەتیەکە بەردەوام بوو، یان ئەگەر هەر نیگەرانییەکی ترت هەبوو، تکایە پەیوەندی بە مامانەکەتەوە بکە.

## ئەگەر پشکنینی دەستنیشانکردن کێشەیەک بدۆزێتەوە چی ڕوودەدات؟

ئەگەر لە پشکنینی دەستنیشانکردن دەرکەوت کە کۆرپەکەت یەکێک لەم کێشانەی هەیە، ئەوا مامان یان پزیشکی منداڵبوون ئەنجامەکەت لەگەڵتدا باس دەکات و کاتت پێدەدات بۆ ئەوەی تێبگەیت کە مانای چییە.

ڕەنگە هەندێک لە دایک و باوکەکان هەڵبژێرن کە بەردەوام بن لە دووگیانیەکە، لە کاتێکدا هەندێکی تر هەست بکەن کە گونجاوە بۆیان کۆتایی بە دووگیانییەکە بهێنن. تەنها تۆ دەتوانیت بڕیار بدەیت کە چی باشترینە بۆ خۆت و خێزانەکەت.

هەروەها مامانەکەت دەتوانێت زانیاریت پێ بدات دەربارەی ئەو ڕێکخراوانەی کە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە پێشکەشکردنی پشتگیری سۆزداری و پراکتیکی.





# ئێمە چی لە زانیاریەکانتان دەکەین؟

ئێمە تۆمارێک لە زانیارییەکانی سکرینکردنی کەسی تۆ دەهێڵینەوە، لەوانەش ئەنجامی پشکنینەکان. زانیارییە تەندروستییە کەسییەکانت بە تایبەتی دەهێڵرێنەوە، واتە تەنها لەگەڵ کارمەندانی دیکەدا هاوبەش دەکرێن کە بەشدارن لە چاودێریکردنتدا. ئێمە بەردەوام پێداچوونەوە بەو کارانەدا دەکەین کە دەیکەین بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەین.

ئەنجامی هەندێک لە سکرین کردن و پشکنینەکان لە کاتی دووگیانیدا لەگەڵ تەندروستی گشتی سکۆتلەندا هاوبەش دەکرێت کە بەشێکە لە NHS. تەندروستی گشتی سکۆتلەندا ئەم زانیاریانە بەکاردەهێنێت بۆ پشتگیریکردنی چاودێری بەردەوام و باشترکردنی پشکنینی دووگیانی. بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی **www.publichealthscotland.scot/our-privacy-notice** بکەن

ئەو کۆرپانەی کە هەندێک حاڵەتیان هەیە کە لە کاتی دووگیانیدا پشکنینیان بۆ دەکرێت، دەخرێنە لیستی سەلامەتی نەخۆشییە زگماکی و دەگمەنەکانەوە کە لەلایەن تەندروستی گشتی سکۆتلەندا پارێزگاری لێدەکرێت. تۆمارەکە چاودێری ژمارەی ئەو کۆرپانە دەکات کە ئەم حاڵەتانەیان هەیە و پشتگیری لە پلاندانان و باشترکردنی تەندروستی و چاودێری و خزمەتگوزارییە گشتیەکانی دیکە دەکات. زانیاری دەربارەی ئەم لیستە دەتوانرێت لە **www.publichealthscotland.scot/cardriss** بدۆزرێتەوە.

تۆ مافی دەستگەیشتن و بەکارهێنانی زانیارییە تەندروستییە کەسییەکانت هەیە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مافەکانت یان چۆن NHS زانیارییە کەسییەکانت بەکاردەهێنێت، پەیوەندی بکەن بە هێڵی یارمەتی ئاگادارکردنەوەی NHS بێبەرامبەر لە **0800 22 44 88** (بە نامە **18001 0800 22 44 88**) یان سەردانی **www.nhsinform.scot/confidentiality** and **www.nhsinform.scot/data-protection** بکەن.

# زانیاری و پشتگیری

تێگەیشتن لە زانیاری دەربارەی پشکنینی سکرینکردنی دووگیانی دەتوانێت زۆر قورس بێت. تکایە ئەگەر هەر پرسیارێک یان نیگەرانیت هەیە لەگەڵ پسپۆڕی چاوەدێری تەندروستی خۆت قسە بکە.

دەتوانیت لێیان بپرسیت کام ڕێکخراو دەتوانێت پشتگیریت بکات و کامیان بۆ تۆ و خێزانەکەت گونجاوە. ڕەنگە زانیارییەکانی پەیوەندیکردن لە خوارەوە یارمەتیدەر بن.

## NHS inform

بۆ زانیاری دەربارەی پشکنینی سکرینکردنی دووگیانی، تکایە سەردانی www.nhsinform.scot/pregnancyscreening بکەن یان پەیوەندی بکەن بە: 0800 22 44 88 (کورتەنامە: 18001 0800 22 44 88)

## دەرئەنجام و بڕیارەکانی پێش لەدایکبوون (ARC)

زانیاری و پشتگیری دەدات بەو دایک و باوکانەی کە بڕیار دەدەن سەبارەت بە پشکنینی پێش لەدایکبوون و بەردەوامبوون یان کۆتاییهێنان بە دووگیانی.

تەلەفۆن: 0207 713 7486 لە ڕێگای مۆبایلەوە یان سەردانی:

www.arc-uk.org

## Contact

زانیاری و پشتگیری پێشکەش بە دایک و باوک و چاودێرانی منداڵان دەکات کە هەر پێداویستییەکی زیادە یان کەمئەندامییان هەیە.

تەلەفۆن: 0808 808 3555 (دەنگ و دەق) یان سەردانی:

http://contact.org.uk

## نەخۆشی داون سکۆتلەندا

پشتگیری لە هاوسەرە چاوەڕوانکراوەکان و دایک و باوکانی نوێ دەکات لە سەرانسەری سکۆتلەندا بۆ بڕیاردانی ئاگادارانە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی زانیاری نوێ و دروست و پەیوەندیدار سەبارەت بەو کەسانەی کە نەخۆشی داونیان هەیە.

پەیوەندی بکەن بە 0300 030 2121 یان سەردانی ئەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:

www.dsscotland.org.uk

## Positively UK

کۆمەڵێک خزمەتگوزاری پشتیوانی، ڕاوێژکاری، زانیاری و پشتگیری هاوڕێیان پێشکەش دەکات بۆ ئەو ژن و پیاوانەی توش بووی HIV ین.

تەلەفۆن: 0207 713 0444

http://positivelyuk.org

## SOFT UK

پشتگیری ئەو خێزانانە دەکات کە نەخۆشی پاتۆ، نەخۆشی ئێدواردز و تێکچوونەکانی پەیوەندیداریان هەیە.

تەلەفۆن: 0300 102 7638

www.soft.org.uk

## سپینا بیفیدا هایدرۆسیفالۆس سکۆتلەندا

خزمەتگوزاری پشتگیری خێزان بۆ ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی بربڕەی پشت، هایدرۆسۆفالی و کێشەکانی پەیوەندیدار بوون.

هێڵی یارمەتی تەلەفۆنی:
0345 521 1300

www.sbhscotland.org.uk

## انجمن تالاسمی بریتانیا

تەلەفۆن: 0208 882 0011

http://ukts.org

## Waverley Care

چاودێری و پشتگیری پێشکەش بەو کەسانە دەکات کە لەگەڵ HIV و ئاوسانی جگەری جۆری C دەژین و هاوبەشەکانیان، خێزانەکانیان و چاودێران.

تەلەفۆن: 0131 558 1425

www.waverleycare.org

## پەیوەندی کەمخوێنی خانەی داسی

کۆمەڵەی کەم خوێنی داسی پشتگیری ئەو کەسانە دەکات کە تووشی نەخۆشی خانەی داسی بوون و دەنگی ئەوانە بۆ باشترکردنی کوالیتی ژیانی گشتییان.

تەلەفۆن: 0208 961 7795

www.sicklecellsociety.org

## خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری دووگیانی بەریتانیا (BPAS)

BPAS یارمەتی ئەو ژنانە دەدات کە دووگیانییەکی نەخوازراویان هەیە یان دووگیانییەک کە دەیانەوێت کۆتایی پێبهێنن.

تەلەفۆن: 0345 730 4030

ئیمەیل: info@bpas.org

www.bpas.org

وەرگێڕانەکان | خوێندنەوەی ئاسان | زمانی هێمای بەریتانی BSL | بە دەنگ | بە پیتی گەورە | بە بریل

بۆ زانیاری زیاتر یان وەرگێڕان و فۆرماتەکانی تر:

**www.nhsinform.scot/otherformatspregnancyscreening**

**phs.otherformats@phs.scot**

**0131 314 5300**

تەندروستی گشتی سکۆتلەندا
دەزگای نیشتمانی سکۆتلەندا بۆ باشترکردن و پاراستنی
تەندروستی و خۆشگوزەرانی خەڵکی سکۆتلەندا.

© Public Health Scotland 2024

OGL

ئەم بڵاوکراوە بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەیە
لە ژێر مۆڵەتی حکومەتی کراوە وەشانی
3.0 کارا دەبێت. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی
**www.publichealthscotland.scot/ogl** بکە.

**www.publichealthscotland.scot**

1490 5/2024 ALT 5/2024